
## یانەی دهۆک یاریزانێکی ئۆگەندی تاقی دەکاتەوە



بەمەبەستی بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بە دەستهێنانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی وەرزی نوێی خولی بژاردەی عێراقی و جامی یەکێتیی یانەکانی ئاسیا دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆک بەفەرمی یاریزانێکی بەرەگەز ئۆگەندی تاقی دەکاتەوە بەمەبەستی مۆرکردنی گرێبەست لەگەڵیدا تاکو شوێنی ئەو یاریزانانە بگرێتەوە کە لە تاقیکردنەوەکانی جەمال عەلی ڕاهێنەری یانەکە دەرنەچوونە، بۆ ئەم مەبەستەش یانەی دهۆك یاریزانی بەرەگەز ئۆگەندی ستیڤن بنگۆ تاقی دەکاتەوە کە لەوڵاتی ئۆگەنداوە هاتووە وخۆی یاریزانی هەڵبژاردەی ئۆگەندایە پێشتریش لەچەندین یانەی وڵاتانی ئەفریقیا یاریکردووە، لە ئێستاشدا لە ژێر تاقیکردنەوەکانی ڕاهێنەری بەتوانای یانەی دهۆك جەمال عەلی دایە بۆئەوەی بۆچەند رۆژی دیکە تاقی بکاتەوە، ئەوکات بڕیار لەسەر چارەنووسی ئەم یاریزانە بدات، لەم بارەیەشەوە سەعید ئەحمەد سەرۆکی یانەی دهۆك بە گۆڤاری گوڵانی گوت « ئێمە وەکو دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەمان و بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی خولی بژاردەی عێراقی و جامی ئاسیا چەندین گرێبەستی گرانبەهامان مۆرکردووە لەسەر ئاستی عێراق،یاریزانی ئۆگەندیش ستیڤنمان هێناوە بۆئەوەی بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵدا بکەین، بەڵام لە ئێستادا رۆژانە لەگەڵ یانەکەماندا بەشداری مەشقەکانی یانەکە دەکات، تاکو ڕاهێنەری یانەکەمان کاپتن جەمال عەلی بڕیاری کۆتایی نەدات و تاقی نەکاتەوە ئێمە گرێبەستی لەگەڵدا واژوو ناکەین، ستیڤن یاریزانێکی باشە و تەمەنی ٢٤ساڵە و ڕەگەزنامەی ئۆگەندییە .



## پاڵەوانێتیی شەترەنجی کوردستان بۆ وەرزشوانە دێرینەکان سازکرا

دوای ئەوەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەرزش بە چاودێریی دکتۆر کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری ولاوان، لەنێو هۆڵی پاڵما پالاص لەشاری هەولێر پاڵەوانیەتیی شەترەنجی بۆ وەرزشوانە دێرینەکانی رەگەزی پیاوان و ئافرەتانی سەرووی تەمەنی ٣٥ ساڵی پارێزگاکانی کوردستان رێکخست، کەئەوانیش پێکهاتبوون لەپارێزگاکانی (هەولێر، دهۆك، سلێمانی، کەرکوك) کێبڕکێی پاڵەوانیەتییەکەش ٣ رۆژی خایەند، دوای ململانێیەکی بەهێز لەنێو یاریزانە دێرینەکاندا کۆتایی بەو پاڵەوانیەتییە هات، ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیە بوو، لە رەگەزی پیاوان ئارام عەبدولا لەسلێمانی پلەی یەکەم و عەبدولوەهاب عەبدولرەزاق لەهەولێر پلەی دووەم و پلەی سێیەمیش بەر یاریزانی دێرینی شاری کەرکوك باسم سادق کەوت، هەروەها لە ئافرەتانیش کە تەنیا ٣ یاریزانی ئافرەت لە شاری هەولێر بەشدارییان تێدا کردبوو خاتوو جوان جەمال پلەی یەکەم و دڵپاك عەلی پلەی دووەم و بژار وریا پلەی سێ یەمی بەدەستهێنا، پاشان خەڵاتی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی وەرزش لەلایەن سەرتیپ فاریق شارەزا لەبواری وەرزش و خەڵاتی رێکخراوی پزیشکی گیایی لەلایەن دکتۆر ئەحمەد محەمەد بەسەر یەکە یەکەی یاریزانانی دێرینی سەرکەوتوو دابەش کرا.

## یاریزانی تێنسی سەرمێز کارمن سلێوە:



**■ کارمن یەکێکە لە یاریزانە هەرە بەتواناکانی شاری هەولێرو شەقڵاوە لە یاریی تێنسی سەرمێز، توانیویەتی چەندین ئەنجامی بەرچاو لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق بەدەست بهێنێت، ناوبراو لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥ی شارۆچکەی شەقڵاوەیەو دەرچووی ئامادەیی پیشەسازییە، ئێمەش لەنزیکەوە ئەم دیمانەیەمان لەگەڵیدا ئەنجامدا.■**

**دیمانە : کارزان کانەبی**



## سۆلاڤی نوێ پاڵەوانی جیمناستیکی کچانی کوردستان بوو

بەمەبەستی زیاتر خزمەت کردنی یاری جیمناستیك لە ئاستی کچان لە شارەکانی کوردستاندا و وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی یەکێتیی ناوەندی جیمناستیکی کوردستان لەهۆڵی شەهید شاخەوان لە کۆلێژی پەروەردەی وەرزشی هەولێر بۆ ماوەی دووڕۆژ بەبەشداری حەفت یانەی شارەکانی کوردستان و زیاتر لە ٣٠ یاریزانی یانەکانی پاڵەوانێتیی جیمناستیکی یانەکانی کوردستان بەڕێوەچوو، لەم بارەشەوە عەبدولرەحمان ئادەم بەگۆڤاری گوڵانی ڕاگەیاند: ئێمە وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆمان و زیاتر گرنگیدان بە یاریی جیمناسیتك لە شارەکانی کوردستان، ئەم پاڵەوانێتییەمان ئەنجامدا و بەردەوامیش دەبین بە کردنەوەی پاڵەوانێتیی زیاتر بۆ یانەکانی کوردستان.ئەنجامی کۆتاییش بەم شێوەیە بوو.

ئەنجامی تیپ

١-یانەی سۆلاڤی نوێ

٢-یانەی پێشمەرگەی هەولێر

٢-یانەی کەیوان

٣-یانەی تەئاخی

تاکی گشتی

١-نەبا جاسم –سۆلاڤی نوێ

٢-مریەم عەبدولحەمید-پێشمەرگەی هەولێر

٣-سەفا ڕەعد- سۆلاڤی نوێ

# لە زۆربەی خولەکاندا ئێمە پاڵەوانین

***ئاستی یاریی تێنسی سەرمێز لە کوردستان لە چ ئاستێکدایە ؟**

-ئاستی ئەم یارییە لە شارەکانی کوردستان زۆر باشە و یانەکانیش هەموویان ململانێی بەهێزی یەکدی دەکەن لە پاڵەوانێتییەکان لەو بڕوایەشدام ئاستی ئەم یارییە زیاتریش پێش بکەوێت، ئەگەر یانەکانیش گرنگی پێبدەن لەوەش زیاتر پێش دەکەوێت.

***ئەی ئەم یارییە لە شاری هەولێر لە چ ئاستێکدایە؟**

- لە شاری هەولێر ئاستێکی ئەوتۆی نییە شایەنی باس بێت، ئاستێکی ناوەندییە و ئێمە یەکەمین بەبێ ململانێ، لە زۆربەی خولەکاندا ئێمە پاڵەوانین.

*** کێشەو گرفتەکانتان زیاتر لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت پێشتر کێشەمان زۆر بوو، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا کێشەکان بەرەو نەمان دەچێت.

***بە بۆچوونی تۆ بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە لە کوردستان چی بکرێت باشە ؟**

-من وەکو یاریزانێك پێم باشە سەرەتا قوتابخانەی پێگەیاندنی یاریزانان بکرێتەوە لەگشت شارەکاندا، دواتریش هێنانی ڕاهێنەری چینی بۆ یانەکان و بۆ قوتابخانەکان دەبێتە هۆکارێك بۆپێشکەوتنی ئەم یارییە لە گشت ڕوویەك و گەشەکردنێکی یەکجار بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت.بەهێنانی ڕاهێنەری پیشەگەر تایبەت بۆشاری هەولێر من لەو باوەڕەم وەرزشی هەولێر زۆر بەرز دەبێتەوە .

*** هۆکاری چییە بە دەگمەن بەشداری لەگەڵ هەڵبژاردەی عێراق دەکەی؟**

-ئەوەی ڕاستی بێت من ماوەیەکی زۆرە لە ریزی هەڵبژاردەی پێشکەوتوانی عێراقم، بەڵام کاربەدەستانی یەکێتی تۆپی سەرمێزی عێراقی هەردەڵێن لە ئاستەکانی تەمەن بچووك گرنگی بە یاریزانان دەدەین، کەچی ئەنجامیشیان وەکو پێویست نییە.

*** هۆکاری چییە یاریزانی کچ کەم بەشداری دەکەن؟**

-بەگشتی ئێستا لەچاو ساڵانی ڕابردوو ریژەی یاریزانانی کچ لە زیاد بوونە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆرجار لە ڕێگای خانەوادەکانیان ڕێگریان لێ دەکرێت.

***چی بەو ئافرەتانە دەڵێیت کە لە وەرزشەوە دوورن ؟**

-بە هەموو کچانی کوردستان دەڵێم وەرزش بکەن و ناوی خۆتان و وڵاتەکەتان بەرزکەنەوە.

*** خانەوادەکەت لەوەرزش کردن ڕێگریت لێ ناکەن ؟**

-بێ گومان سەرەتا ڕێگرییان لێ دەکردم پێان دەگوتم وەرزش مەکە، بەڵام دواتر کە زانیان ئەنجامم باشە و پاڵەوانم، ڕێگەیان پێدام کە لە وەرزش کردن بەردەوام بم.

***باشترین ئەنجامەکانت وەکو یاریزان ؟**

-لە ساڵی ٢٠٠٩وە تاکو ساڵی ٢٠١١ من پاڵەوانی کوردستانم، چوار ساڵ پاڵەوانی عێراق بوویمە، بەشداری پاڵەوانێتی یانەکانی ئاسیام کردوەلە لوبنان و مەغریب و ئوردەن.

***بۆچی لە ئاستی ئاسیا ئەنجامت نەبووە؟**

- بەداخەوە من لەگەڵ یاریزانی پیشەگەر یاریم کردوە یانەکانی وڵاتانی تر یاریزانی پیشەگەریان هەیە بەتایبەتی یاریزانی چینی کە زۆربەی یانەکان پشتیان پێ دەبەستن.

*** بە یاریزانانی چ وڵاتێك سەرسامی لە یاری تێنسی سەرمێز؟**

-بە یاریزانانی وڵاتی چین بەتایبەتی یاریزانی بەناوبانگ (مالینا)یاریزانی بەتوانای چینی.

*** حەز دەکەی ڕێژەی وەرزشکارانی ئافرەت زیاتر بێت؟**

- ئەوە هیوای منە بۆئەوەی ئێمە زیاتر ڕکابەرێکی باشتر لەگەڵ یەکتر بکەین.

***هیواو ئاواتت چیە لەم یارییە ؟**

-بەهیوای ئەوەم بتوانم ئەنجامێکی شایستە لەسەر ئاستی عێراق و ئاسیا بەدەست بهێنم.

***ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-سوپاس بۆگۆڤاری گوڵان بەهیوای ئەوەم ئێوە ببنە مینبەرێك بۆبەرگریکردن لە هەموو وەرزشکارێك بتوانن هاوکاری هەموو وەرزشکاران بکەن بە بەسەر کردنەوەیان.



# سەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکی یانەی هەولێر لە جامی یەکێتیی ئاسیا

دوای ئەوەی یانەی هەولێر لە وەرزی رابردوودا توانی پلەی دووەمی ئەم پاڵەوانێتییە بە دەستبهێنێت بەفەرمی لە لایەن یەکێتیی تۆپی پێی عێراق شانبەشانی یانەی زەورا پاڵەوانی خولەکە دەستنیشان کرا بۆ بەشداریکردن لە جامی یەکێتیی ئاسیا لە قۆناغی یەکەم، یانەی هەولێر لە کۆمەڵەی دووەم شانبەشانی یانەکانی (کازمەی کوەیتی، ئێست بەنگالی هیندی، عرووبەی یەمەنی) یاریکرد.

لە یەکەم یاریی خۆیدا یانەی هەولێر لە نێو یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری لە شاری هەولێر میوانداری یانەی کازمەی کوەیتی کرد لەم یارییەدا هەردوو یانە بە ئەنجامی (١-١) گۆڵ یەکسانبوون، تاکە گۆڵی یانەی هەولێر لە رێگەی یاریزانی نێجیری (ئیفی ئۆبۆدی) تۆمارکرا.

لە یاریی دووەم یانەی هەولێر لە نێو یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری رووبەڕووی یانەی عرووبەی یەمەنی بۆوە، لەم یارییەدا هەردوو یانە بە ئەنجامی (٢-٢) گۆڵ یەکسانبوون، گۆڵەکانی یانەی هەولێر لە رێگەی یاریزانان (پیشەگەری سوری نەدیم سەباغ، ئەمجەد رازی) تۆمارکران، لە سێیەم یاریدا یانەی هەولێر لە وڵاتی هیند رووبەڕووی یانەی ئێست بەنگالی هیندی بۆوە، لەم یارییەدا یانەی هەولێر توانی سەرکەوتن بە دەستبهێنێت و بە ئەنجامی (٢-٠) گۆڵ یارییەکە بباتەوە، گۆڵەکانی یانەی هەولێر لە رێگەی یاریزانان (ئەمجەد رازی، پیشەگەری سوری عەبدولرەزاق ئەلحوسێن) تۆمارکران.

لە یاریی چوارەمدا یانەی هەولێر رووبەڕووی یانەی ئێست بەنگالی هیندی بۆوە لە یاریگەی شەهید فرەنسۆ هەریری لەم یارییە یاریزانانی یانەی هەولێر دووبارە سەرکەوتنیان بەسەر یانە هیندییەکە تۆمار کرد و توانیان هەمان ئەنجامی یاریی یەکەم دووبارە بکەنەوە و بە ئەنجامی (٢-٠) گۆڵ، گۆڵەکانی یانەی هەولێر لە رێگەی یاریزان عەبدولرەزاق ئەلحوسێن تۆمار کرا.

لە پێنجەم یاریی خۆیدا یانەی هەولێر لە وڵاتی کوێت رووبەڕووی یانەی کازمەی کوەیتی بووەوە، لەم یارییەدا یانەی هەولێر سەرکەوتنێکی گرنگی تۆمار کرد و یارییەکەی بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ بردەوە، گۆڵەکانی یانەی هەولێر لە رێگەی یاریزانان هەڵگورد مەلا محەمەد و ئەحمەد ئیبراهیم تۆمار کران لە دوایین یارییەکانی یانەی هەولێر لەم قۆناغەدا یانەکە میوانداری یانەی عرووبەی یەمەنی کرد، لەم یارییەدا یانەی هەولێر توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٢-١) گۆڵ بباتەوە، گۆڵەکانی یانەی هەولێر لە رێگەی یاریزانان مەهدی کەریم و ئەمجەد رازی تۆمار کران، دوای تەواوبوونی یارییەکانی ئەم کۆمەڵەیە، یانەی هەولێر توانی پلەی یەکەمی ریزبەندەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات ئەمەش ریزبەندی کۆمەڵەی دووەمە.

١-هەولێر ١٤ خاڵ.

٢- کازمەی کوەیتی ١١ خاڵ

٣- عەرووبەی یەمەنی ٨ خاڵ.

٤- ئێست بەنگال هیندستان سفر خاڵ.

بە پێی یاساکانی یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا، یارییەکانی قۆناغی ١٦ بە یەك یاری ئەنجام دەدرێن و لە یاریگەی ئەو یانەی، کە پلەی یەکەم بە دەست دەهێنێت، لەم قۆناغەدا یانەی هەولێر میوانداری یانەی نیڤتجی ئۆزباکستانی کرد، لەم یارییەدا یانەی هەولێر ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد و توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٤-٠) گۆڵ بباتەوە، گۆڵەکانی یانەی هەولێر لە رێگەی یاریزانان (موسلم موبارك، پیشەگەری سوری عەبدولرەزاق ئەلحوسێن، ئەمجەد رازی، یاریزانێکی ئۆزباکستانی بەهەڵە) تۆمار کران، لە قۆناغی ٨ی ئەم پاڵەوانێتییە یانەی هەولێر رووبەڕووی یانەی کیلانتان-ی مالیزی بووەوە، لە یاریی یەکەمدا، کە لە یاریگای شەهید فرەنسۆ هەریری بەڕێوە چوو، یانەی هەولێر سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمار کرد و توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٥-١) گۆڵ بباتەوە، گۆڵەکانی یانەی هەولێر لە رێگەی یاریزانان (هەڵگورد مەلا محەمەد، ئەمجەد رازی، لوئەی سەلاح، ساڵح سەدیر دوو گۆڵ) تۆمارکرا، لە یاریی دووەمدا، کە لە شاری کیلانتان بەڕێوەچوو یانەی هەولێر بووە میوانی یانەی کیلانتان یارییەکەش بە یەکسانبوونی هەردوو یانە بە ئەنجامی (١-١) گۆڵ تەواوبوو، تاکە گۆڵی یانەی هەولێر لە رێگەی یاریزانی پیشگەری ئۆگەندی (سلێمان مستەفا (سۆلە)) تۆمارکرا.

لە یاریی پێش کۆتاییدا یانەی هەولێر لە نێو یاریگەی خۆیدا میوانداری یانەی تشۆنبۆری تایلاندی کرد، لەم یارییەدا یانەی هەولێر توانی سەرکەوتنێکی گەورە تۆمار بکات و یارییەکە بە ئەنجامی (٤-١) گۆڵ بباتەوە، گۆڵەکانی یانەی هەولێر لە رێگەی یاریزانان (ئەمجەد رازی دوو گۆڵ، ساڵح سەدیر، یاریزانی تشۆنبۆری) بە هەڵە تۆمار کران، وا بڕیارە رۆژی ٢٣ی مانگ لە تایلاند یانەی هەولێر رووبەڕووی یانەی تشۆنبۆری ببێتەوە و یارییەکەش کاتژمێر ٣ی ئێوارە بە کاتی کوردستان بەڕێوە دەچێت، ئەم یارییە دەستەی ناوبژیوانی ئێرانی بەڕێوەی دەبات.

# هەموو بۆ هەولێر .. هەولێر بۆ هەمووان

دوای ئەوەی یانەی هەولێر لە جامی یەکێتیی ئاسیا بە باشترین شێوە نوێنەرایەتیی کوردستان و عێراقی کرد لە جامی یەکێتیی ئاسیا و توانی بگاتە قۆناغێك، کە زۆر نزیکە لەسەرکەوتن بۆ یاریی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە بۆ یەکەم جار لە مێژووی یانەکە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی زۆر مەزنە بۆ یانەی هەولێر، کە تا ئێستا هیچ یانەیەکی کوردستانی و عێراقی نەیتوانیوە ئەم دەستکەوتە مەزنە بە دەستبهێنێت، وا بڕیارە لە **٢٣**ی ئەم مانگە لە وڵاتی تایلاند یانەی هەولێر یاری هاتن-ی قۆناغی پێش کۆتایی جامی یەکێتیی ئاسیا بەرانبەر یانەی تشۆنبۆری تایلاندی ئەنجام بدات، یاری یەکەم، کە لە شاری هەولێر بەڕێوەچوو یانەی هەولێر توانی یارییەکە بە ئەنجامی (٤-١) گۆڵ بباتەوە و هەنگاوێکی گەورە بۆ سەرکەوتن بۆ یاری کۆتایی بهاوێت، بۆیە ستافی وەرزشی گۆڤاری گوڵان بەوپەڕی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانی بۆ بەرز ڕاگرتنی ناوی هەولێر، کە پایتەختی هەرێمی کوردستانە بە پێویستی زانی لەم ژمارەیەوە تاکو ئەنجامدانی یاری کۆتایی هەفتانە شەش لاپەڕە یاخود زیاتر تایبەت بکات بە یانەی وەرزشیی هەولێر وەکو پاڵپشتیك و هاندانێك بۆ ئەم یانەیە، هەروەها بڕیاری داوە هەر ژمارەیەك ڕێکلام یاخود پۆستەرێکی تایبەت بە یانەی هەولێر یاخود یاریزانانی یانەکە بکات، ئەم هەنگاوەی گۆڤاری گوڵان بۆ یەکەم جارە لە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان دێتەئاراوە بەو هیوایەی گشت ڕۆژنامە و گۆڤار و ماڵپەڕە وەرزشییەکان بەهەمان شێوە پاڵپشتیی خۆیان بۆ یانەی هەولێر دووپات بکەنەوە و ببنە هاندەرێکی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی یانەی هەولێر بۆ یاریی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە.

**فایلی وەرزشی**





## ٢٧٥ هەزار دۆلار پاداشتی یاریزانانی هەڵبژاردەی ئەڵمانیایە

یەکێتیی تۆپی پێی ئەڵمانیا لە نووسراوێکی فەرمیدا رایگەیاند، بڕیاری داوە بڕی (٢٠٠) هەزار یۆرۆ، کە دەکاتە (٢٧٥) هەزار دۆلار وەکو پاداشت بداتە هەر یاریزانێکی هەڵبژاردەی ئەڵمانیا ئەگەر ئەم هەڵبژاردەیە توانی بۆ یارییەکانی جامی جیهانی ٢٠١٤ سەرکەوێت، کە بڕیارە لە بەرازیل بەڕێوەبچێت.

بە پێی ئەم نووسراوە هەر یاریزانێك لە کاتی بە دەستهێنانی سەرکەوتن لە یەکێك لە یارییەکانی پاڵاوتن ئەوە بڕی ٢٠ هەزار یۆرۆ وەکو پاداشت وەردەگرێت ئەمەش دەبێتە هاندەرێکی بەهێز بۆ یاریزانانی ئەم هەڵبژاردەیە بۆ پێشکەش کردنی ئاستێکی بەهێز و بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە یارییەکاندا.

## تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا راکێشرا

هەفتەی رابردوو لە شاری ملبورن- ی ئوسترالی یەکێتیی تۆپی پێی ئاسیا تیروپشکی یارییەکانی پاڵاوتن بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا ٢٠١٥ کە وا بڕیارە لە وڵاتی ئوسترالیا بەڕێوەبچێت راکێشا، لەم پاڵاوتنەدا ٢٠ هەڵبژاردە بەسەر پێنج کۆمەڵە دابەش کراون، کە تیایدا کۆمەڵەی هەڵبژاردەی عێراق بە کۆمەڵەی ئاسنین دەناسرێت.

کۆمەڵەکان بەم شێوەیەن:

کۆمەڵەی یەکەم: ئوردەن – سوریا- عومان – سەنغافوورە

کۆمەڵەی دووەم: ئیران – کوەیت – تایلاند – لوبنان

کۆمەڵەی سێیەم: عێراق – چین – سعودیە – ئەندنووسیا

کۆمەڵەی چوارەم: قەتەر- بەحرەین- یەمەن- مالیزیا

کۆمەڵەی پێنجەم: ئۆزباکستان – ڤێتنام – ئیمارات – هۆنگ کۆنگ

جێگەی باسە لە هەر کۆمەڵەیك دوو هەڵبژاردە راستەوخۆ سەردەکەوێت بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا ٢٠١٥ لەگەڵ باشترین هەڵبژاردەی خاوەن پلەی سێیەم لە هەر پێنج کۆمەڵە، بۆ ئەوەی ژمارەی هەڵبژاردەکانی جامی نەتەوەکانی ئاسیا ببێتە ١٦ هەڵبژاردە، کە پێشتر هەر سێ هەڵبژاردەی ژاپۆن خاوەن نازناوی پاڵەوانێتی رابردوو و ئوسترالیا خاوەن پلەی دووەم و میواندار و کۆریای باشوور خاوەن پلەی سێیەم پاڵەوانێتیی رابردوو راستەوخۆ سەرکەوتن،هەروەها کۆریای باکوور پاڵەوانی جامی تەحەددی ساڵی ٢٠١٢ و پاڵەوانی جامی تەحەددی ساڵی ٢٠١٤ راستەوخۆ سەردەکەون بۆ جامی نەتەوەکانی ئاسیا.

## بۆسکیتس دوو یاری راگیرا



یەکێتیی تۆپی پێی ئەورووپا بەفەرمی بڕیاری راگرتنی یاریزانی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی ئیسپانیا بۆسکیتس بۆ دوو یاری دا، بەهۆی بەکارهێنانی توندوتیژی لە یاری رابردووی یانەکەی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەرانبەر یانەی بەنفیکا، کە یانەی بەرشلۆنە یارییەکەی بەئەنجامی (٢-٠) بردەوە، لەم یارییەدا یاریزانی یانەی بەرشلۆنە بۆسکیتس بەهۆی وەرگرتنی کارتی سوور یاریگەی جێهێشت.

بەم بڕیارە یاریزان بۆسکیتس بەشداری لە هەردوو یاری یانەکەی لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا ناکات بەرانبەر یانەی سلتیك ئۆسکتلەندی، کە لە رۆژانی ٢٣ی ئەم مانگە لە یاریگەی نوکامپ و لە ٧ی مانگی داهاتوو لە گلاسکۆ بەڕێوە دەچێت.